# گەمەی سیاسی لەخۆپیشاندانی ئیسلامی سیاسیدا

هەندرێن ئەحمەد

لە گەڵ بڵاوبوونەوەی کاریکاتۆرەکانی دژ بە هەستی موسڵمانانی جیهان،بە بەرژەوەندی هەندێك نێوەندی سیاسی ئیسلامی و نێوەندی دەسەڵاتە داتەپیوەکانی دەوڵەتانی نادیموکراسی ناوچەو رۆژهەڵات،موسڵمانان بەبێ ئەوەی بزانن مەسەلەکە چییەو ئەو کاریکاتێرانە چین کە پێویست دەکات لافاوی رێپێوانی بۆ سازبدەن و وەك ئیلتزامێکی دروستکراوو پابەند بە کەس و لاینە ئاینیەکانەوە رژانە سەر شەقامەکان وزۆر سەرگەرمانە پەلاماری ئاڵای گەلانی ئەوروپایی بەتایبەتی دانیمارکی و قونسولگەری نوسینگەکانی ئەو وڵاتانەیان دا.

زۆر جار گەمەی سیاسی لەو جۆرە لە ژێر ناو و پەردەی جیا جیادا لێرەو لەوێ دەبینین وسەروبەند و کۆتای گەمەکە ئاشکرایە. بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا ناتوانرێت مەودای کاریگەری ئەوجۆرە گەمانە ئاشکرا بکرێت و بەڵگەی پێویست بۆ لە بەین بردنی ئەو گەمانە بەردەست بخرێت.

لە هەلێکی وەهای کە فاکتەری بڵاوبوونەوەی ئەو کاریکاتێرانە رەخساندیان، بەهانە و پێشهاتێکی باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ یاری لەسەر هەست و سۆزی گەلەکانیان بکەن وئەگەر بۆ بەرژەوەندییەکی کاتیش بێت زۆر لە شتە پۆزەتیڤەکان دەخەنە ژێر پێەوە و هەمووی لە حزمەت خۆیدا بەکاردەهێنێت.

بڵاوبوونەوەی ئەو کاریکاتێرانەو پاشان، دووبارە بڵاوکردنەوەیان لە چەندین شوێنی دیکە و لە ژێرپەردەی ئازادی راگەیاندندا،ئەویش خۆی لایەکی دیکەی گەمەکەیەو تەواوکەری پارسەنگی هاوکێشەکەیە. کە لەبەر یەککەوتنی شارستانیەکان دیار دەکەوێت، وەك بانگێشەی بۆدەکرێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەو دەبێت، ئایا چ هێزێکی پاڵنەر لە پشت ئەو جۆرە رووداوانە دایە؟

ئەگەر بەشێوەیەکی سادە، سەیری رووداو خۆپیشاندان و وەڵامە خۆر ئاواییەکان وهەلسوکەوتی هەندێك لە وەزیرو کاربەدەستانی ئەوروپایی و یاری خۆشکردنی ئاگرەکە هەر رۆژەی بە جۆرێك و لە شوێنێك و لەبەرامبەردا هاتنە سەر شەقامی خەلکی لەوشوێنانەی کە بۆ ئەو مەسەلەیە تائیستا هچ قسەیەکیان نەکردوە ، هەر لە بزواندنی مەسەلەکە تا ئەو کاتەی کۆتای پێدێت، دەبنین هەمووی گەمەیەکی سیاسی بە هەردوولای ئیسلامی و نائیسلامی .

بەڵام ئەگەر ئەوانەی بەشێوەیەکی پلان دارێژراو یان سەرپێی ویستبێتیان گورزێك لە چەقی پیرۆزمەندی موسڵمانان بدەن بۆ ئەوەی لایەك بکەنەوە بەسەر ئەو بابەتانەی تائیستا قسەیان لەبارەی نەکراوە، یان ئەوانەی کە دژ بەو جۆرە هەوڵە وەستان (بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین بپرسین بۆ پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە 100 رۆژ ئنجامەسەلەکە وروژێندرا؟کە ئەوکەس و لایەنانە دەخاتە ژێر نیشانەیەکی پرسیاری گەورەو هەوڵەکانیان بۆ بەر گرتن لەوها کارێك هەندێك مسداقەیەت لەدەست دەدات) هەردوولا خۆیان لە شەرێکی رانەگەینراووزەق بوونەوەی جیاوازییەکاندا دەبیننەوە.کە مەرامی سەرەکی هەردوولاش گەمەیەکی سیاسیە.

بەڵام بۆ لایەنی دووەم کە هەندێك لەرژێم ونێوەندەکانی ئیسلامی سیاسی ناوچەکەیە هەلێکی گونجاو لە جێگای خۆی بوو بۆ هاندانی خەلکی لە دژی خۆرئاوا و ئازادییەکانی ئەوێ کە رۆژ بەرۆژ لێیان نزیك

دەبێتــەوەو هــەروەها مادەیــەكی راگەیانــدنی زینــدوە بــۆ لەبیربردنــەوە یــاخود درەنگخســتنی داخــوازی وپێداویستیە رۆژانیـەكانی گەلـەكانیان كـە ئێستا لـە هـەموو كـات زیـاتر لـە زەقبوونەوەدایـە، بـۆ ئیسـلامی سیاسیش جارێكی دیكە بارگاویكردنەوەی كۆمەڵگاكانە بە بیری ئیسلامگەری وفتوحاتی سەردەمیانەو هێز نیشاندانێكی باشیشە بۆ سەلماندنی بوونی هێزیان لە نێو كۆمەڵگاكانیاندا.

لـە كێشـەی كاریكاتۆرەكانـدا، بـە ئاشـكرا گەمـەی سیاسـی ئیسـلامی سیاسـی لـە وڵاتـەكانی رۆژهـەڵات بەدیدەكرا، بەڵام ئەوە دوا گەمە نابێت.